سەد کەس بە تۆمەتی بازرگانی و بڵاوکردنەوەی مادەی هۆشبەر لە سنووری پارێزگای سلێمانی دەستگیرکران

بەڕێوەبەری هاگیاندن و پەیوەندیە گشتیەکانی دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، تەنها لە ماوەی یەکی ئەمساڵدا 116 کەس بە تۆمەتی بازرگانی و بڵاوکردنەوەی مادەی هۆشبەرەکان لە سنووری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەکانی گەرمیان و ناپڵین دەستگیرکراون، لەو ژمارەیش پێنجا کەسیان فرۆشیارن.

سەلام عەبدولخالق، بەڕێوەبەری هاگیاندن و پەیوەندیە گشتیەکانی دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان، بە میدیاکانی ڕاگەیاند، لە ماوەی یەکی ئەمساڵدا 116 کەیسی مادەی هۆشبەرمان هەبووە، لەنێویاندا 50 کەسیان فرۆشیار و 64 کەسیش بڵاوکەرەوەن.

وتیشی: "لە ماوەی دووشدا بازرگانی نێودەوڵەتی مادەی هۆشبەرمان هەبووە و دەستگیرمان کردووە، بازرگانەکان ئاوانەن لە سەروی کیلۆ گرامەوە داخی هەرەمی دەکەن و لە هۆگری کەسانی تریش دەست دەکەن بە دابەشکردنی".

دەزگا ئەمنیەکانی هەرێم بڕدەوام، دەست بەسەردا گرتنی بڕەکی زۆر مادەی هۆشبەر ڕادەگەیەنن، بەرپرسانی هەرێم دەڵێن هەرێم بووەتە هێڵی گواستنەوەی مادەی هۆشبەر لە ناوچەکانی ئێران و ئەفغانستانەوە بۆ وڵاتانی ئەورووپا، بەشێکی زۆر لە بازرگانەکانیش لە نێتەوەی کوردن، لەگەڵ ئەوەشدا

هەشداری زیاتر بۆاوبوونەوەی ماددەی هەشبەر لە ناوخۆی هەرێمیش دەدەن.

عەمید سەلام وتی: "بەشێکی زۆر لە بازرگانەکان کوردن، بە تایبەت ئەوەی ناو شارەکان هەموویان کوردن و هەرێمیش وەک ترانزێت بەکار دەهێنرێت بۆ هێناردەی ماددەی هەشبەر".

بۆ پێی ئامارەکانی دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2023دا، 991 حاڵەتی دەستگیرکردن وەک بازرگان و بەکارهێنەرانی ماددەی هەشبەر هەبووەو 398 کیلۆ ماددە جۆراو جۆرەکانیش دەستی بەسەرداگیراوە.